کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
16-12-2007 21:53بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## سکاڵایەک بۆ بەردەم بەڕێز پارێزگاری سلێمانی ... کۆمەڵێک کارمەندی هاتوچۆی سلێمانی

بەڕێزم ئێمە کۆمەڵێك کارمەندی هاتوچۆی سلێمانین ماوەی چەندین ساڵە بە ماندوو بوون و شەونخونی لەبەر باران و سەرماو و خۆری گەرمی هاوین خزمەتمان کردووە و حەزمان کردووە شارەکەمان سیمای قەشەنگی سیستەمی هاتوچۆی پێوە دیاربی، زۆر جار گلەیمان کردووە لە هەندی شۆفێری سەرپێچی کەر کە پابەندی ڕێنماییەکانی هاتوچۆ نەبوون و ڕوویداوە کە دەستدرێژیشمان کراوەتە سەر و لێدانیشمان خواردووە و پاشتر بەپێی یاسا مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە.. هەرچەندە ئەگەر بەرپرسێك یان خزمی بەرپرسێك بوایە بەڕێوبەرەکەی خۆمان سەد کەرەت دەیکرین بە قوربانی.. بەڵام سەیر و سەمەرە ئەوەیە کە ئێمەی کارمەندی هاتوچۆ لە لایەن بەڕێوبەری خۆمانەوە دەستدرێژیمان بکرێتە سەر، بەڵی لەبەرواری 2007/12/8 دا و لە فولکەی شەهید ئارام نزیك بارەگای پارێزگا.. بەڕێوبەری هاتوچۆی ناوشار بە کارمەندێکی بێدەسەڵاتدا دەتەقێتەوە و بەبەرچاوی هەموو شۆفێر و ڕێبوار و کارمەند و ئەفسەرەکانی تر هەزار ووتەی ناشرینی بازاڕی بە کارمەندەکە دەڵێت کە لێرەدا وەك حورمەتێك بۆ کوردستان نێت ناتوانین باسی لێوە بکەین... لە هەمووشی سەیر تر کاتی کارمەندەکە بەرپەرچی دەداتەوە و ئەیەوی بەوپەڕی ئەدەبەوە ئاستێك بۆ بێڕێزی بەڕێوبەرە هەڵەشەکە دابنێت جەنابی بەڕێوبەر پەلاماری دەدات و بە زللە و شەق وەڵامی دەداتەوە و جل و بەرگی سەربازی لەبەریدا دادەڕێت.. سەروباری ئەم بەدڕەوشتیەش کە هەموو کارمەندەکان شاهیدین.. بەڕێوبەر دەچی بۆ بارەگای پارێزگا و لەوی بزانە چۆن دەیەوی لە کاك جوتیاری دەگەێنێت کە جێگری پارێزگایە و هاوڕێی کاکەی بەڕێوبەرە کە بەتەلەفونێك چل و چوار ئوتومبیلی دەسەتبەسەراگیراوی بۆ ئازاد دەکات.. بەڵی مام جوتیاریش بە پاسەوانەکانی دەڵێت ئەو سەگبابەم بۆ سجن بکەن.. بەڵی لەو ڕۆژەوە بەجەور و بە ستەم ئەو کارمەندی ئێمە بەم بەرە جەژنانە زیندانی کراوە و کەسیش نەیتوانیوە داکۆکی لی بکات، چونکە بێگومان ئەویش بەم کارەی خۆی دەخاتە بەر شەپۆلی توڕەیی کاکەی بەڕێوبەری دەسەڵاتدار... کۆن ڕاستیان فەرمووە کە ووتویانە کاتی کورد پارەی هەبوو یان ژن دەهێنێت یان دەبێتە سەگی هار و خەڵك دەکوژێت.. بۆیە ناهەقی مەگرن جەنابی بەڕێوبەر ئەگەر بشمانکوژی چونکە لەسایەیی لیژنەی ماتۆڕ کڕینەکانەوە ئیستا لە جیاتی کریچی بێت کرێچی هەیە.. پاشان بەڕێوبەری هاتوچۆی پارێزگای سلێمانی ئەبوو ئەو کارمەندە ستەم لێکراوە بانگ بکات و گوێی لی بگری و بزانی تاوانبارە یان نا.. ئەی ئەوە باشە بۆچی ئەو بیست و دوو ئەفسەرە زیندانی ناکرێن کە لیژنەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر پێکهێنَراوە لەلایەن لیژنەی چاودێری داراییەوە کە تیایاندا بەڕێوبەری هاتوچۆی دەرەوەشی تیایە کەیەك جەڵدی تەواو وەسڵی پارە وەرگرتنی دیار نەماوە و کە دەتوانری بیست ملیۆن دیناری پی وەربگیری.. ئاخر هەر واشە دەنا کی هەیە لە پێشە لاداوە بچی بۆ پێشە مۆنیکا و لە هۆدە و هەیوانێکی قوڕەوە بچێت بۆ باخ و حەوزی ماسی و موەلیدەی یەك دەفتەر دۆلاری و باخی پەنا گوێژە.. ئەی بۆ بەڕێوبەری هاتوچۆ لێپرسینەوە لەگەڵ بەڕێوبەری ئەندازەی هاتوچۆ ناکات کە تاکو چەندساڵێك بەر لە ئیستا لەگەڵ ئێمە حەرەسی بەردەرگای بەڕێوبەرایەتی بوو دوور لە ئیستای کەلەسایەیی تەنەرەکانی ئەندازە و تاسەی ستۆکەوە لە دوای باجیرۆدا دادەنیشێت.. ئەی ئەوە بۆ جەنابی بەڕێوبەر ئەو ئەرکە ناکێشێت و شێخ عوسمانی بەرپرسی کۆمیتەی پێشوو بانگ ناکات و لێی ناپرسێت کە کاتی خۆی بۆ کاکە ئەمینی لە ئەندام کۆمیتەیی و لە کۆمیتە دەرکرد. ؟ کاتی لە ئاودەستی زانکۆدا لە وەزعێکی نالەباردا دەگیرێت خۆ ئەمە بوختان نیە و هەموو شاهیدین و بیریانە..

ئێمەی کارمەندی هاتوچۆ بەئەرك و ماندوو بوونمان شایەنی ئەوەین هەر تۆزێکیش بی ڕێزمان لی بگیری و گوێمان بۆ شل بکری نەك سەروباری هەموو ماندوو بوونمان توڕ بدرێینە زیندانەوە لەگەڵ دزو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

پیاو کوژان.. ئێمە هانای ئەم سکالایەمان بۆیە ئاراستەی جەنابی پارێزگاری سلێمانی کردووە چونکە یەکەم.. بەفەرمانی جێگرەکەی ئەو برایەمان زیندانی کراوە.. دووەم چونکە دەزانین نە لەبەڕێوبەرایەتیەکەمان و نە لە وەزارەت کەس کاتی بەنرخی خۆی بە ئێمەی بێکەس و بێدەسەلاتەوە ناکوژێت.. لەگەڵ ڕێزماندا.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە